بۆ/ سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان

پەرلەمانی كوردستان

ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان

بابەت/ ناردنە دەرەوەی بەپەلەی بەركەوتوانی چەكی كیمیای



ئەوەی نۆزدە ساڵ بەر لە ئیستا لە هەڵەبجەی شەهید رویدا كارەساتێكی ئاسایی‌و سادە نەبوو، كە تەنها ئەو قوربانیانەی لێكەوتبێتەوە كە لەو چركە ساتەدا شەهید بوون، لەو مێژووە بەدواوە بە تەواوی تایبەتمەندیەكانی شارێك گۆردراو هەزاران كەسی بێتاوان بوونە قوربانی‌و شەهید بوون بە هەزارانی دیكەش بریندارو دەربەدەر بوون كە لەبەر گەورەی‌و خراپی ئەو چەكەی دژیان بەكار هات بەشی زۆری ئەو بریندارانە لەدوای نۆزدە ساڵ تێپەر بوون بەسەر ئەو كارەساتەدا بەو ئازارو ئێشەوە ئەناڵێن‌و وەك ئەوترێت "لە جەنگێكی بەردەوامدان لەگەڵ مەرگدا".

بەداخەوە لەدوای ئەو كارەساتەو پاش پێكهێنانی پەرلەمان‌و كابینە یەك لە دوایەكەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەوەی ئەبینرێت هەڵسوكەوتی حكومەتی هەرێم لەگەڵ خەڵكی لێقەوماوو بەشمەینەتی ئەم شارەدا بەشی هەرزۆری "لەچوار چێوەی دروشم بازی‌و بەڵێندا بووە" كەمترینیان كردار بووە.

ئەوەی ئێستا ئەم كەمپینەی بۆ دروستكراوە داواكاری مادی نیە، داواكاری نیە بۆ خزمەتگوزاریە سەرتایەكانی ئەم شارە كە بەداخەوە لەم روەشەوە ئێجگار هەژارە، ئەوە ئێستا قسە كردنە لەسەر ژیانی ژمارەیەك ئینسان كە لە لێواری مەرگدا جەنگی بەردەوام لەگەڵ مەرگدا ئەكەن، دواكاریەكی زۆرسادەیەو ئەركی هەر حكومەتێكە خۆی بە خەمخۆری نەتەوەكەی بزانێت.

بەپێی راپۆرتێك كە لە پار ساڵ‌و لەلایەن لیژنەیەك لە وەزارەتی تەندروستی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئامادە كراوە تێدا هاتووە لەو ژمارە نەخۆشەی چەكی كیمیای سەردانیان كردوون "69" كەسیان تەندروستیان خراپەو توانای چارەسەریان لێرە نیە تەنها لەدەرەوە چارە دەكرێن، بەداخەوە ئەوەندە سستی لە ناردنەدەرەوەی ئەو نەخۆشانەدا نوێنرا تا "2" لەو كەسانەش چونە خانەی شەهیدیەوەو

گیانیان لەدەستدا، ئێستاش یەکێکی دیان لەلیواری مەرگدایە کەناوی "کامیل عبدالقادر وەیس"ە، بۆیە ئێمە ئەو ڕێکخراوانەی کە لەخوارەوە ناومان هاتووەو هاوکات لەگەڵ ئەو ناوانەی ئیمزای ئەم یاداشتەمان کردوە  لە ڕێی ئەم کەمپینەوە داوا ئەکەین بە پەلە ئەم کارانە کەئەرکی سەرەکی خۆتانەو ئەبوو زوتر بتان کردایە جێبەجێی بکەن.

1. ناردنە دەرەوەی بەپەلەی کامیل عبدالقادر وەیس بۆ چارەسەرو هەرچی پێویستیە بۆی بکرێت تاچی زوترە ژیانی بۆ بگەڕێتەوە.
2. ئەو نەخۆشانەی کە لەو راپۆرتە پزیشکیەدا ناویان هاتووەو وە ئەوانەشی کە لەو راپۆرتەدا نەبینراون پەلە لە ناردنە دەرەوەیان بکرێتو کاری پێویستیان بۆ ئەنجام بدرێت.

بۆ وەڵامی جدیو بەپەلەی ئێوە مۆڵەتی 10 رۆژ دیاری دەکەین، ئەگەرنا ناچار دەبین بەگرتنە بەری ڕێگای مەدەنیانەی دیکەو هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بەخەمساردیتان.

بەهیوای هەموو لایەك ئەمە بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێتو لەبەرامبەر شەهیدانو قوربانیانی هەڵەبجەدا خۆی بەقەرزدار تەماشابکات.

ناوی ڕێکخراوەکانی بەشدار لەم کەمپینەدا:

- گروپی چاودێریو بەدوادا چوون
- ناوەندی چاك/ هەڵەبجەی شەهید
- سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ D.H.R.D ئۆفیسی هەڵەبجە
- یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان لقی شارەزوور
- کۆمەڵەی روناکبیریو گەشەپێدانی هەڵەبجە
- ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە